# بۆ پێکەنین

دەڵێن کە پێکەنین بۆ زاخاوی مێشک سودی هەیەو پێویستە بو ژیان و تەندروستی، خۆ خوشترین کۆڕیش بەلای منەوە کۆڕی نکتەو قسەی خۆش و گێڕانەوەی پەیڤەکانی خەنداوەرە، هەر بۆیەشە کە جارو بارە ئەم نکتانەتان پێشکەش دەکەم و بە هیوام کەجێگەی دڵخۆشی خوێنەرانی ئازیز بێت و لەم خەم و ئازاری غوربەت و دووره وەلاتە شیرینەکەمان دا بە بزەی لێوان کەمی دڵی خۆمان شاد بکەین و نامۆییمان بۆ چەند ساتێ لە بیر بەرینەوە.

# زیرەکی مەلا

لە مەلایان پرسی و گوتیان:لە شاری ئێوە بە فەرخەی گا دەلێن چی؟ مەلاش هەرچەند بیری کردەوە بە بە یادی دا نەهاتەوە کە بلێ پێی دەلێن گۆلک نەیزانی، بۆیەکە گوتی:لە شاری ئێمە دا کاتێ کە گا بچوکە قەت ناوی لێ نانێن و ناوی لێ نانێن و ناوی لێ نانێن، تا گەوەرە دەبێ ئەوسا پێی دەلێن گا.
*

# چوونە شەڕی مەلا

شەڕێک رووی دا، ئەو قەلایەی کە چەند دزێکی لە ناو بوو حاکم بڕیاری دا کە دەبێ ئەو قەلایە بگرن، مەلاش قەڵغانێکی بە دەستەوە گرت و چوو بۆلای ئەو قەلایەی کە شەڕی لێ بوو، کاتێ کە مەلا لە ژێر دیواری قەلایەکەوە وەستابوو، یەکێ لە دزەکان بەردێکی ڕاوەشاندە مەلا و بەردەکە لە لایەکی قەلغانەکەی مەلاوە ڕەت بوو ڕاستەو خۆ بە سەر سەری مەلا کەوت و سەری مەلای شکاند، مەلاش لەو کاتە دا دەستی بە جنێو دان کرد و گوتی سەگبابانە ئەم قەڵغانە گەورەیەم نابینن و بەرد بە سەر سەری من داده‌دەن.
*

# چارەسەری

ڕۆ ژێکیان گایەک سەری نایە ناو مەنجەلە ئاوێک کە ئاو بخواتەوە، بەڵام گاکە نەی توانی سەری لە ناو مەنجەلەکە دەر بێنێ. لەوکاتە دا مەلا لەوێوە تێ دەپەڕی، خەلک کاتێ کە مەلایان دیت لێی پارانەوە کە چارە سەریەک بدۆزێتەوە، مەلاش گوتی:زووبن سەری ئەم گایە ببڕن، هەتا نەخنکاوەو گۆشتەکەی حەرام نەبێتن.
بەقسەی مەلایان کردو چوون قەسابێکیان هێناو گەردەنی گایان بڕی وسەریان لە جەستەی گاجیا کردەوە، بەلام سەری گاکە هەر لە ناو مەنجەلەکە مایەوە، لە مەلایان پرسی جەنابی مەلا ئێستا چی بکەین؟مەلا دیسان بیری کردەوەو گوتی:هیچ چارەیەک نیە دەبێ مەنجەلەکە بشکێنن و سەری گاکە لە ناو مەنجەلەکە دەربێنن.

پیاز بە عارەبی

لە مەلایان پرسی و گوتیان مامۆستا بە عارەبی بە پیاز دەلێن چی؟مەلاش هەرچەند لێکی داوە نەیزانی و زۆر بە لەسەر خۆییەوە یەکسەر گوتی پێی دەلێن پیحوازووووو!!
*

## نامەخوێندنەوەی مەلا

**کابرایەک جووە لای مەلاو نامەیێکی دەر هێناو دایە دەست مەلاو گوتی مامۆستا ئەم نامەیەم بۆ بخوێنەوە، مەلاش نامەکەی هەموو خوێندەوە، نامەکە لە خوارەوە بە خەتێکی ورد تر لەوەی سەرەو نوسرا بوو، کابرای خاوەن نامەکە هێمای بۆ نوسینە وردەکە کرد و لە مەلای پرسی و گوتی: مامۆستا ئەم نوسینە وردانەشت هەموو خوێندەوە؟ مەلاش گوتی بەڵێ هەمووم خوێندەوە، کابراش یەکسەر ڕوی لە مالا کرد و گوتی:هەی سەگ مەلا !!!**